

# تاڵەبانی دووەم

## بە پێچەوانەی باوکییەوە لەسەر شێوازی ئەمریکی سیاسەت دەکات

راپۆرتی شیکاری هێمن باقر

● لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا، مەلیك حسەینی شای ئوردن بۆ چارەسەری تەندروستی رەوانەی "نەخۆشخانەی مایۆکلینیك" کرا، بەڵام باری تەندروستیی شای ئوردن لەوە خراپتربوو کە بتوانێت سوود لەو چارەسەرە تەندروستییە وەربگرێت.

خەلیفە زاهید بن سوڵتان پادشای ئیماراتیش لە کاتی نەخۆشکەوتنیدا لەم نەخۆشخانەیەدا بەدوای چارەسەردا دەگەڕا.

مایۆکلینیك، یەکێك لە گەورەترین نەخۆشخانە گەورەکانی دونیایەو سالّی ١٨٨٣ لەلایەن دکتور ولیام جەیمس مایو دروستکراوەو دەکەوێتە رۆجستێری مینوستاو بە نەخۆشخانەی سەرۆکەکانی دونیا ناودەبرێت، بۆ نموونە: هەریەك لە رۆناڵد ریگان، جۆن کەنەدی، فۆرد، لەناو سەرۆکەکانی ئەمریکاو بەشێکی زۆری سەرکردەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتی نەخۆشییدا، سەردانی ئەم نەخۆشخانەیەیان کردووە.

ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ٢٠٠٧/٥/٢١، تاڵەبانی بە فڕۆکەیەکی تایبەت گەیشتە نەخۆشخانەی بەناوبانگی مایۆکلینكو بووە تازەترین میوانی گرنگی ئەو نەخۆشخانەیە، تاڵەبانی کە لە ٢٠٠٧/٥/٢٠ بە یاوەری وەفدێکی هاوڕێی کە کۆسرەت رەسولّی جێگری سەرۆکی هەرێمو جێگری خۆی لە حیزبدا هاوڕێیەتی دەکرد، لە فڕۆکەخانەی سلێمانی رایگەیاند کە "گەشتەکەی بۆ ئەمریکا دوورە لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەیەك، بەڵکو بۆ دابەزاندنی کێشو وەرگرتنی پشووە بە مەبەستی حەوانەوە". سەرچاوەکانی یەکێتیی نیشتیمانییش، بە رۆژنامەنووسانیان راگەیاند "گەشتەکەی تاڵەبانی سیاسی نییەو سێ هەفتە دەخایەنێتو بڕیاریشە لەو ماوەیەدا ١٥ کیلۆ لە کێشی کەمبکات".

# مایۆ کلینیك نەخۆشخانەی سەرۆکەکان




سەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی مایۆ کلینك بە سایتی گۆلف نیوزی ئەمریکی ڕاگەیاند "تاڵەبانی بۆ پشکنینی ورد هاتووەو بڕیارە کۆمەڵێك پشکنینی یەکلەدوابییەکی بۆ بکرێت".

١٠ ڕۆژ دوای گەیشتنی تاڵەبانی، کۆتایی بە سەرجەم پشکنینەکانی هات و قسەکەری نەخۆشخانەی مایۆ کلینك ڕۆژی چوارشەممە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند "تاڵەبانی هیچ نەخۆشییەکی نەماوەو کۆتایی بە پشکنینەکانی هاتووە". قسەکەرەکەی نەخۆشخانەی مایۆکلینك، هیچ ئاماژەیەکی نەدا بە دابەزینی کێشی تاڵەبانی کە بڕیاربوو ١٥ کیلۆ کەمبکات.

بەشی لاوازکردن، یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی نەخۆشخانەکەو چەندین ڕێگەی پزیشکەوتوو بەکاردەهێنن بۆ دابەزاندنی کێش.

هەرچەندە تاڵەبانی دوای ١٠ ڕۆژ لە ونبوونی لە چاوی میدیاکان، بەهەمان حاڵەتی جەستەیی جارانەوە کەوتە بەرچاو، بەبێ هەستکردن بە هیچ گۆڕانکارییەك تیایدا، سەرچاوە نزیکەکان لە تاڵەبانی ئاماژە بەوە دەکەن کە لەلایەن پزیشکەکانی بەشی لاوازکردنی نەخۆشخانەی مایۆکلینکەوە، بەرنامەیەکی ڕجیمکردنی بۆ دانراوە، بە ئەندازەیەك کە لە ماوەی ساڵێکدا ٤٠ کیلۆ کەمبکات و، ئەو سەرچاوانە ئاماژەشیان بەوە کرد کە تاڵەبانی پابەندە بە بەرنامەی ڕجیمکردنەکەوە.

تاڵەبانی بەر لە گەشتەکەی، لە فڕۆکەخانەی سلێمانی بە زەردەخەنەوە بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند "کە باری تەندروستی جێگیرە". بەڵام ئازاد جوندیانی– بەرپرسی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتیی، سەرەڕای ئاماژەدان بە جێگیریی باری تەندروستیی تاڵەبانی، ئەوەی نەشاردەوە کە "بەم دواییانە تاڵەبانی لە بەغداد تووشی ماندووبوون هاتووە".

ئاژانسی ئەسۆشیەیتدپرێس، ئاماژەی بەوەدا کە لە دوا سەردانی تۆنی بلێر بۆ بەغداو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانی عێراق، تاڵەبانی ڕەنگزەردو نەخۆش هاتووەتە بەرچاو، هەروەها بەشێوەیەکی توندیش وەڵامی ڕۆژنامەنووسانی داوەتەوەو هەڵچوونی پێوە دیاربووە.

د. محەمەد قادر خۆشناو، پزیشکی تایبەتی تاڵەبانی و هاوسەفەری لە کاتی نەخۆشیی جاری یەکەمدا، ئاماژەی بەوەدا کە لەبەرئەوەی زیاتر لە مانگێکە تاڵەبانی نەبینیوە، ناتوانێت لەوبارەیەوە قسەبکات.

تاڵەبانی لە تەمەنی ٧٤ ساڵیدایەو بەناوبانگە بەوەی کە گرنگییەکی زۆر بە خواردن دەدات و پەسەندترین خواردن بەلایەوە سەروپێ و قەرەخەرمانە کە دوو خواردنی تایبەتی کوردەوارییانەیەو بە ئەندازەیەکی زۆریش چەورن. چەند سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانیی ئاماژە بەوە دەکەن کە بەم دواییانە تاڵەبانی خەلیلزادی باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق و باڵیۆزی تازەی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکانی فێری خواردنی سەروپێ کردووە.

تاڵەبانی، سەرەڕای زۆربوونی کێشی، سیاسییەکی ئەکتیف و چالاکە لەسەر ئاستی جیهانی و عێراقی و

بـــە دبلۆمـــاتێکی گـــەورەی دونیـــا دادەنرێـــت‌و بەبەردەوامیی لـە کۆڕو کۆبوونـەوەی بەردەوامدایـە بەبێ گوێدان بە ماندوبوون.

لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا، بە هـۆی مانـدوبوونی زۆرەوە، تاڵەبانی بەخێرایی گەیەنرایە نەخۆشخانەی مـەلیك حـسەینی پزیـشکی لـە عـەممانی پایتـەختی ئـــوردن‌و دوای ١٧ رۆژ لــــە چـــاودێریی وردی پزیــــشکی‌و ئەنجامـــدانی قەســـتەرەی دڵ، بـــاری تەندروســتیی گەڕایــەوە حاڵــەتی جێگیریــی‌و لــە کەرنـەڤاڵێکی جـەماوەریی گـەورەدا کـە هـەزاران کەس لە پێشوازیدا بوون گەڕایەوە سلێمانی، هـەر لەو پێشوازییە سۆزئامێزەدا بۆ یەکەمجار لە ژیانیـدا، لە بەرچاوی میدیاکاندا فرمێسك لـە چـاوانی هاتـە خوار.

تاڵەبانی، لەسەر ئاستی عێراق بە جۆکەری سیاسیی پێکەوەبەسـتنی نـەیارەکان دادەنرێـت‌و لــە مـانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٥دا وەکو یەکەم کـورد بوویـە سـەرۆك کۆمـاری دەوڵـەتی عێراقـی فیـدراڵ‌و لـە ٢٣ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٦دا، لەلایەن پەرلـەمانی عێراقـــەوە بـــە ســـەرۆك کۆمـــار هەڵبـــژێردرا، بەپێچەوانەی لێدوانە فەرمییەکانیەوە کـە ئاماژەیـان بۆ ئەوە دەکرد گەشـتەکەی تاڵـەبانی بـۆ ئـەمریکا سیاسـیی نابێـت، ئێـوارەی رۆژی ٥/٣١، تاڵـەبانی چاوی بە جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکا کـەوت‌و دوو رۆژ دوای ئەو دیـدارەو بـەر لـە تـەواوبوونی کاتی راگەیەنراوی گەشتەکە کـە تـەنها ١٤ رۆژی تێپەڕاندبوو لـە کۆی ٢١ رۆژ، تاڵـەبانی گەیـشتەوە هـــەرێمی کوردســـتان‌و کۆبوونـــەوەی چـــڕوپڕی مەکتـــەبی سیاســـیی یـــەکێتیی‌و بـــەدوای ئەوەشـــدا کۆبوونـــەوەی چـــڕی ســـەرکردایەتیی کـــورد دەســـتپێکرد. بـــەبڕوای چـــاودێرانی سیاســـیی، هاتنـــەوەی تاڵـــەبانی‌و تێکـــچوونی بەرنامـــەی گەشـتەکەی‌و دانیـشتنی چـڕوپڕی سـەرکردایەتیی کورد، پەیوەنـدیی بـەو دیـدارەی نێـوان تاڵـەبانی‌و بوشەوە هەیەو رەنگە لـەو کۆبوونەوەیەدا ئاماژە بـە پلانێکی نوێی کۆشکی سپی کرابێـت سـەبارەت بـە بارودۆخی عێراق کـە کاریگـەریی هەیـە بـۆ سـەر هـەرێمی کوردسـتان، لەوانـە: پرسـی کـەرکوك‌و مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوور کـە بـەپێی لێـدوانی سەرچاوەیەکی تایبەت، ئـەمریکا داوای دواخـستنی قۆناغبەقۆناغی ماددەی ١٤٠ی کردووە، بەجۆرێك هەر قۆناغەی سێ مـانگ بخایـەنێت، هەرچـەندە تـا ئێـستا لێـدوانی رەسمیـی سـەرکردایەتیی کـورد، سوربوونی خۆی لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددەیـە دووپاتدەکاتـەوە لـە کـاتی خۆیـدا، بـەڵام لـە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوە لە قبوڵکردنی ئەو پێـشنیارە دەکات کە لەلایەن حکومەتی ئەمریکی‌و حکومەتی عێراقییـــەوە خراوەتـــە بەردەســـتی، بـــە جۆرێـــك بەکـــەمترین زیـــان لێـــی دەربـــچێت‌و، هـــەموو ئاماژەکانیش بۆ ئەوە دەچن کە لە دواجاردا کـورد بەناچـاریی بـە دواخـستنی کـاتی ئـەو مـاددە دەسـتوورییە رازیـی دەبێـت، چـونکە فـشارێکی نێودەوڵەتیی هەمەلایەنـە لەسـەری هەیـەو، رەنگـە پێشنیاری کورد لـە دواجـاردا رازیبـوون بێـت بـە درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێکردنە بۆ سێ مانگ، یان زیـاتر، بـە مـەرجێك پرسـی کـەرکوك نەبرێتـە نەتەوە یەکگرتووەکان، وەك ئەوەی لـە ئەجێنـدای خـەلیلزاددا ئامـاژەی پێکـراوە، ژمارەیـەك لـە ئەندامپەرلـەمانە کوردەکان لـە ئەنجومەنی نیشتیمانیی عێـراق، لەگـەڵ ئـەو رایـەدان کـە رازیـی بـن بـە درێژکردنـەوەی مـاوەی جێبـەجێکردنی مـاددەی ١٤٠، بـە مـەرجێك ناوچـەکانی تـری دەرەوەی کـــەرکوك، لەوانـــە: مـــەخمورو شـێخان‌و خانـەقی کـە نـاکۆکیی لەسـەر نییـە، بگەڕێنرێنـەوە سـەر هەرێمی کوردستان.



ســەفەرەکەی ســەرۆك کۆمــار، هاوزەمانـــە لەگـــەڵ جموجوڵـــە بەرفراوانەکـــەی قوبـــاد تاڵـــەبانی نوێنـــەری حکومـــەتی هـــەرێمی کوردستان لە ئەمریکا.

قوبـاد تەمـەنی ٢٩ سـاڵە، کـوڕی بـچووکی تاڵەبانییـــە، خوێنـــدنی زانکۆی لە ئەمریکا تـەواوکردووە، لـــە ســـاڵی ٢٠٠١ بـــۆ ٢٠٠٣ نوێنەری یەکێتیی بووە لـە ئەمریکاو دوای یەکگرتنـــەوەی هـــەردوو ئیدارەکەی هەرێمی کوردستان، لـە ٢٠٠٦/١٠/١٠ بـــە شـــێوەیەکی فەرمیی بووەتە نوێنەری حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان لـەو وڵاتـە، کـە بارەگاکـەی دەکەوێتـە واشـنتۆن، نزیـك لـە کۆشـکی سپی، هەرچـەندە دوای راگەیانـدنی قوبـاد تاڵـەبانی بـە نوێنـــەری حکومـــەتی هـــەرێم لەلایـــەن وتەبێـــژی حکومـەتی هەرێمـەوە، هـەمان رۆژ باڵوێزخانـەی ئـەمریکا لـە بەغـدا، ئامـاژەی بـەوەدا کـە قوبـاد تاڵەبانی هاوڵاتیەکی ئاساییەو خاوەنی رەگەزنامـەی ئەمریکییـــەو حکومـــەتی ئـــەمریکا نوێنەرایـــەتیی دبلۆماتی تەنها لەگەڵ حکومەتی بەغدا بـە فـەرمیی دەناسێت.

سـەرەڕای ئـەوەش، چـالاکیی‌و لێهـاتوویی قوبـاد تاڵـەبانی هـەموو ئەوانـەی تێپەڕانـدو لـەناو دڵـی حکومەتی ئەمریکاوە دەستی بە چالاکییەکانی کـرد،

به جۆرێك ئێستا هیچ میدیایەکی ئەمریکی سڵ لەوە ناکاتەوە کە قوباد تاڵەبانی وەکو نوێنەری فەرمیی حکومەتی هەرێم بناسێنێت.

قوباد تاڵەبانی، کە دەتوانرێت بە تاڵەبانی دووەم ناوببرێت، هەنووکە سەرقاڵی دروستکردنی لۆبییەکی کوردییە لە ئەمریکا بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بڕیاری سیاسیی ئەمریکا، هاوشێوەی لۆبییە گەورەکانی دونیا، لەوانە: لۆبیی جوولەکە (ئیباك)و (پەیمانگای جوولەکە بۆ کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی).

تاڵەبانی دووەم، کە پشتگیریی تەواوەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەیە، لە هەوڵی ئەوەدایە کە بڕیاری سیاسیی ئەمریکا بە جۆرێك ئاڕاستەبکات کە لەگەڵ خواستو داواکارییەکانی کورددا بگونجێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست، لە هەنگاوی یەکەمی دروستکردنی ئەم لۆبییەدا، سێ ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە کە بڕیارە ٤٠٠٠٠ کوردی نیشتەجێی ئەمریکا بەشداریی تێدابکەن، لە ئاستو پیشەی جیاوازدا کە بەشێکی کارەکەیان هەوڵدانە بۆ دروستکردنی دۆستو هاوکار لەنێو کەسایەتیو ڕێکخراوو گروپە گرنگەکانی ئەمریکادا لەناو ئیدارەی ئەمریکیو کۆنگرێسو زانکۆو پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوەدا.

هەروەها بەشێکی دیکەی کاری ئەم لۆبییە کوردییە، بریتیی دەبێت لە دروستکردنی کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی ئەمریکی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میدیاکانی ئەمریکاوە، کە پەیامەکەی بریتییە لەوەی کە بە ڕای گشتیی ئەمریکا بڵێت بە پێچەوانەی عێراقەوە، سیاسەتی ئەمریکی لە باکووری عێراق سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لە دامەزراندنی هەرێمێکی نموونەیی شارستانیی لەسەر تەرزی دیموکراتیی ئەمریکی-ئەورووپی لە ناوچەکەدا.

قوباد تاڵەبانی، لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانییدا، ئاماژەی بەوەدا کە ئەگەر ئەمریکییەکان پابەندبن بە دروستکردنی عێراقێکی دیموکراتی، ئەوا کوردەکان نوێنەرایەتیی بەهێزترین هێزی دیموکراتیخواز دەکەن لە ناوچەکەدا.

هەرچەندە لەوانەیە ڕاپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکانو ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لەسەر ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا، لەم ڕووەوە قوباد تاڵەبانی ئیحراجبکەن.

تاڵەبانی دووەم، بە پێچەوانەی باوکییەوە، لە سیاسەتدا پەیڕەوی شێوازێك دەکات کە دەکرێت بە شێوازی ئەمریکی بۆ سیاسەت ناوببرێت کە بەستنەوەی پەیوەندییەکانە بە بەرژەوەندی قووڵو هاوبەشەوە، بەتایبەتی بەرژەوەندیی ئابووریی، ئەمەش تەرزێکی نوێیە لە سیاسەتی کوردیدا، بەتایبەتی کە پێشتر تاڵەبانیو بارزانی کاریان لەسەر ئەوە دەکرد لە ڕێگەی پیشاندانی مەزڵومیەتی کوردەوە، سەرنجی سیاسییەکانی ئەمریکاو ئەورووپا بۆ کێشەی کورد ڕابکێشن، بەڵام قوباد تاڵەبانی دەیەوێت بەرژەوەندیی ئابووریی بخاتە بەردەم ئەمریکییەکانو پەیوەندیی کوردی ئەمریکی بارگاوی بە کۆمەڵێك بەرژەوەندیی ئابووریی ستراتیژیی بکات، تاوەکو پەیوەندییەکان توندترو قووڵتر بکاتو ئەگەری مانەوەشی زیاتربکات. بۆ نموونە: هانی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا دەدات بۆ بەشداریکردن لە سەرمایەگوزاریی نەوتدا لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەها هانی گروپەکانی فشاری ئەمریکا دەدات بۆ دۆزینەوەی بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستاندا، لەم سەروبەندەدا، گروپی (باربور جریفس ئاند روجەرز) پشتیوانیی لەو داوایەی کورد دەکات بۆ گێڕانەوەی بڕی ١,٤٠٠,٠٠٠ دۆلار لە بەشە داهاتی نەوت بەرامبەر بە خۆراك بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەمریکاوە لە کوردستاندا خەرجبکرێت، ئەم بڕە پارەیە هەتا ئێستا لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە.

هەروەها هانی کۆمپانیاکانی ئەمریکا دەدات کە لە بوژاندنەوەی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێمی کوردستاندا بەشداریی بکەن، ئەمە جگە لە دروستکردنی زانکۆی ئەمریکی کە بڕیارە ساڵی داهاتوو لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە توانی هێڵی ئاسمانی (نەمسا-کوردستان) بخاتە کار کە دەستکەوتێکی سیاسییو ئابووریی بوو بۆ هەرێمی کوردستان.

دبلۆماسیەتی تاڵەبانی دووەم لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات کە بەرژەوەندیی بخاتە بەردەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ پارێزگارییو دەستبەردارنەبوون لە هەرێمی کوردستان. هەر لەم سەروبەندەشدا، قوباد تاڵەبانی ڕایگەیاند کە "کورد پێشوازی لە دامەزراندنی بنکەیەکی سەربازیی هەمیشەیی ئەمریکی دەکات لە هەرێمی کوردستاندا".

هاوسەرەکەی قوباد، جولەکەیە، ناوی "شیری گراهام"ەو لە بنەڕەتدا ئیتاڵییەو ڕەگەزنامەی ئەمریکی هەیەو لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاردەکات، پێدەچێت هاوکارێکی گرنگی قوباد بێت لە کارە نوێیەکەیدا، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لەگەڵ کەمی تەمەنیدا، وەك دبلۆماتێکی گرنگ لە ناوەندی سیاسیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەربکەوێت، بەهۆی پەیوەندیی فراوانو توندوتۆڵی لەگەڵ کەسایەتییو ڕێکخراوو سەنتەرو کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکاداو لە هەوڵی کۆکردنەوەی زۆرترین لە بەرپرسانو بازرگانەکانی ئەمریکایە بۆ ڕیزی ئەندامێتیی لۆبیی کوردی.

هەرچەندە تاڵەبانی دووەم بە داکۆکیکەری بەهێزی سیاسەتی بوش دەناسرێت لە ئەمریکادا، بەڵام پەیوەندیی فراوانی هەیە لەگەڵ کاندیدو سیناتۆرە کۆمارییو دیموکراتەکانداو بەم دواییانەش لەگەڵ چوار لەواندا کۆبووەتەوە، لەوانە هیلاری کلینتۆن، کاندیدی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکاو سیناتۆری کۆماری ماك کینو سام بروبناكو سیناتۆری دیموکراتی جۆزیف بایدن.

بەپێی زانیارییەکان، ئەو مەلەفەی کە لۆبیی کوردی جەختی لەسەر دەکات مەلەفی هەرێمی کوردستانە بە ئامانجی بوارداني حکومەتی هەرێم بە جووڵەی دبلۆماتیی زیاترو پەیڕەوکردن لە نیمچە سەربەخۆییەك لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هەروەها لەسەر ئاستی عێراقیش، جەخت لەسەر عێراقی فیدراڵی دیموکرات دەکات کە تیایدا پێگەی حکومەتی هەرێم پارێزراو بێت وەك هەرێمێکی فیدراڵی نیمچەسەربەخۆ، هەروەك جەخت لەسەر پێویستیی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکات لە عێراق بە مەبەستی تەواوکردنی ئەو ئەرکەی کە لە پێناویدا هاتوون.

ڕاپۆرتەکەی واشنتۆن پۆست ئاماژە بەوە دەکات هەرچەندە قوباد بۆ خۆی سەرۆکایەتیی ئەو لۆبییە نوێیە دەکات بە ناوی لۆبیی کوردی، بەڵام لەم کارەدا، لێکۆڵەرەوەی یاسایی لە باڵیۆزخانەی ئیسرائیلی لە واشنتۆن سەرپەرشتیی هەندێك لە کارەکانی دەکات، بەتایبەتی بەدواداچوونی کارەکانی ئەم لۆبییە لەناو حکومەتو ئیدارەی ئەمریکیدا.